# سەفەر و بەرگی گوڵی زەرد

ڕۆژدین راد



بارانی ساردی پاییزی و ڕەنگی تەم
تەم و قاڕەی چەند قەلی دڵتەنگ
لەسەر لقی سنەوبەرە زیزەکان

بۆنی سەفەر ...
سەفەرو ژمارە و پێچی ڕێگاکان
تەنیاییەکان.، ئاە تەنیاییەکان
لەپشت هەر هەناسەیەکەوە

من و پێنووسێک و بۆشایی
وەرزێکی تفت، هێشووچنی ئەفسانەکان

سەمای هەورەکان و غەم
غەم و ترپەی پەنجەرەکان و
ڕووتیی دڵۆپەکان لەسەر شووشەی وشک
کایەی ڕەنگی زەرد لە داوێنی باخچەکان

دڵی ستۆکهۆڵم و بەزەیی ئاڵکۆلیستەکانی
کۆڵانە بەردینەکانی گاملاستان[1]
هەناسەی ساردی منداڵە ڕەشەکان و

[1] گاملاستان: ناوچەیەکی کۆن و دەوڵەمەندنشینی شاری ستۆکهۆڵمە لە ناوەندی شار.

شەقامە تادارەکانی تێنستا[2] ...

بۆنی سەفەر و تۆ
ژوومار و پێچی ڕێگاکان
زڕانی ناوی مانگ و ئەفسانەی سێوی سوور

من و دڵی غەمبار و چەند ڕستە
لەسەر بەرگی گوڵی زەرد

[2] تێنستا : ناوچەیەکی قەراغ شار و پەنابەرنشینە.